# مانۆڕی سیاسی بۆ پاوانخوازی دەسەڵات وزەووتکردنەوەی مافەکان

**فەرەیدون حەمەڕەشید  سویسرا**
faraidun_73@hotmail.com
11.03.06

**دوا بەدوای ئاڵۆزیەکانی مانگی  ڕابردووی شارۆچکەی سامەڕا،کاردانەوەکان بێ متمانەیی زیاتری لەگەڵ خۆی دا بۆهەردوولایەنی شیعە و سونە نوێ کردەوە،ئەگەرچی کاردانەوەکانی هەردوولا زۆربێ ڕەحمانەڕۆچووەناو جەماورو دانیشتوانی ناوەڕاست وباشوری عێراق.لەنیشانەکانیدا ئاماژەی زەنگی مەترسیداری شەڕی ناوخۆی تیا بەدی کرا،کەتێدا بەدەیان هاووڵاتیانی سڤیل لەهەردوولابوونەقوربانی پشێوی و ناکۆکیەکان،،سەرەڕای لۆمەوسەرزەنشتکردنی دزێوی کاردانەوە توندووتیژیەکان لەسەرئاستی ناوخۆی وجیهانی، بەڵام تاهەنووکە گفتوگۆکانی پرۆسەی سیاسی بۆدامەزراندنی حکومەتی چوارساڵە لەسەررۆشنایی ڕێکەوتن وبناغەکانی دەستوور بەسستی وپاسیفانە دەچێتە پێش ،ئەم پاسیف بوونە لە پرۆسەی سیاسی چەند پرسیارێك لەسەر  ڕەوایی وتێنەگەیشتنی ململانێکانی پرۆسەی دامەزراندنەوەی عێراق ئەوروژێنرێت کەبۆکورد لەمێژە شەن وکەوکراوە،بەڵام بۆلایەنی عەرەبی تاڕابردوویەکی چەندرۆژ پێش ڕووداوی تەقینەوەی پەرستگاکانی شیعەلەسامەڕا و ئەمرۆشی لەگەڵدابێت ،بەئەنقەست وبەمەبەست بەرچاوتەنگانە لەبەرژەوەندی ناسونالیزمی پان ئەرەبیزمی عەرەب هەڵوێست وخوێندنەوەی  توندی ناواقیع بیانانەی لەبەرامبەر دەکرێت ،بەڵام ئەمرۆ دوای ئاکامی ئەوپێکادانەترسناکانەی ڕووداوەکەی 2/22ی شارۆچکەی سامەڕا بەدوای خۆیداهێنا،،هێزوولایەنە توندڕەوەکانی عەرەب لەبەرامبەر بەهەڵەکارکردن لە خوێندنەوەوتێزەسیاسیەکانیان بەمەبەستی سەپاندنی هەژموونی دەسەڵات ولەدەست نەدانی زیادەڕۆیەکانی ڕابردووی ناسونالیزمی عەرەبی،نەك بواری دیزەبەدەرخۆنەکردنی ئەوجیاوازی وناکۆکیانەیان بۆنەماوەتەوە،بەڵکوودەبێت بەپاشگەزبوونەوەیەکی خێرا درکی پاشەکشەکردن  لەسیاسەتی بەزۆرسەپاندنی شکڵ وفۆرمی نەخشەی بوونیاتنانی سیاسی لەعێراقێکی نوێ دا بکەن،تائەوکەتای بڕیارە عێراقی نوێ بۆهەموو لایەك بێت؟ ،بەوەی کەئیتر بانگەشەکردنێك  بۆعێراقێکی یەگرتوو بێ لەبەرچاوگرتن و ڕاڤەکردنی  ناکۆکی و  جیاوزی نەتەوەی و ئاینی و مەزهەبی، بەخۆدزینەوە لەمافەکانی لایەنی بەرامبەر ئیترهەرلایەن وپێکهاتەیەك بێت،سەرەڕۆی کردنەلەسیاسەتێکی هەڵە،کەلەنیشانەکانی دا ئەوەدەبینرێت ئاکامەکانی گفتوگۆ وئایندەی سیاسی بەبووندبەست بگات،،گێڕانی مانۆڕی پەکخستنی پرۆسەی سیاسی لەپێناو بەدەستهێنانی  پاوانخوازی دەسەڵات،حاشالێکردن وبێبەری کردنەلەکۆمەڵگایەکی مۆزائیکی لە فرەنەتەوەو ئاین ومەزهەب و نەژادی جیاواز لەیەك.کەواتە هەرلایەنێك بێتەهۆی لەمپەروتەگەرەدانان بۆعێراقێکی دیموکراسی و مافەکانی فرەیی،تەنها دژایەتیکردنی پێکهاتەکانی خەڵکی عێراق نیە،بەڵکوو بەرەنگاربوونەوەو شەڕی ناڕاستەوخۆیە لەگەڵ  پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە و بەرژەوەندیەکانی ڕۆژئاوا،بۆیەلایەنەتووندڕەوەکانی ناوئەم گەمەسیاسیەدەبێت بەمەجبووری فامی ئەوەبکەن کەباشترین ڕێگەچارەی سیاسی بۆئارامی ناوچەکەو سەرکەوتنی پرۆسەی**

سیاسی لەعێراقێکداکەبڕیارە مافی هەموولایەکی تیابەدیبێت،هاتنە پێشەوەیەکی ئەکتیف و ڕاستگۆیانەیە، لەبەرێخستنی حکومەتی چوارساڵە لەسەربنچینەکانی دەستوور،بۆپیادەکردنی سیستەمی فیدراڵی ،کەتەرحی ڕیگەچارەی خەڵکی کوردستانە لەسەررۆشنایی تێڕوانینی ئەمڕۆی سیاسەتی نێودەوڵەتی بۆناوچەکە ،تابیێتە دەستەبەرکردنی ماف وداوارەواکانی گشت پێکهاتەکانی عێراق،بێگوومان سەرەڕای ئەوەی کارتەئیقلیمیەکان لەمانۆڕی پەکخستنی عێراقی نوێ دا نائامادەنین وبەشێوەیەکی ئەکتیف کارتی پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان فڕی داوەتەناوپرۆسەی سیاسی..بۆیەدەبێت هەرلایەن وپێکهاتەیەك ئەوەبزانێت کەدەست بەردار نەبوون لەمانۆرگێڕانی سیاسی بۆبەدیهێنانی زۆرترین دەستکەووت لەسەرحسابی کەمکردنەوە وزەووتکردنی مافەکانی لایەن وپێکهاتەی بەرامبەر کەبڕیارە لەووڵاتێك بژین ناوی عێراقی نوێ وعێراقی دیموکراسی بێت، مانۆڕێکی سەرنەکەوتوودۆڕاوە بەسەرخواردن وناشیرنترکردنی ئەولایەنەی کاربۆبەرێخستنی دەکات تەواودەبێت ،چونکەکاردانەوەکان لەبەرامبەرئەوسیناریۆیانەی کاربۆسەپاندنی دەسەڵاتی پاوانخوازی هەرپێکهاتەولایەنێك بکات لەسەرکەمکردنەوەی مافەکانی لایەنی بەرامبەر بەتەنهاکاردانەوەی لۆکالی نیە و ئەمریکاو رۆژئاوا وسەرەتاکانی هەژموونی گۆڕانکاریەکانی پرۆژەی ڕۆژهەلاتی گەورەلەدژیەتی، بۆیە پێویستەکورد چەندەشەڕی مافەکانی خەڵکی کوردستان لەململانێکان دەباتە پێشەوە ئەوەندەش لەخەمی ئازادەیەکانی تاك لەکۆمەڵگای عێراق و مافی نەتەووەئاین وبیرووباوەڕەکەمینەکان بێت، لەو مانۆڕە پیلانگێڕیەی بۆ لێسەندنەوەی ماف و دەستکەوتەکان لەئارادایە.....